Kirkuk University Journal: Humanity Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
ISSN P: 1992-1179
ISSN E: 3107-3360

# The Role of Cognitive Embodiment in the Structure of Conceptual Metaphor in Verbs: Kurdish Language as a Model

**Siva Saddam Karim Ghaidan Kaki [1] Asst. Prof. Dr. Azad Amin Faraj [2]**

**University of Kirkuk College of Education for Human Sciences Department of Kurdish Language**

***Abstract***This research, titled The Role of Conceptual Metaphor in Kurdish Verbs ،aims to analyze the cognitive mechanisms underlying the use of verbs in the Kurdish language. In the first section, the study provides a detailed discussion of the theoretical framework of Conceptual Metaphor Theory (CMT) as a foundational theory in which metaphor shifts from being a mere linguistic device to a structured cognitive system. The study highlights the relationship between the source domain and the target domain, as well as the process of conceptual mapping as a tool for transferring meaning from bodily experiences to abstract concepts. A central theme of this investigation is the concept of embodied cognition, which explains how the human mind and its understanding of the world originate from physical and sensorimotor experiences. In this context, the research focuses on two primary categories of verbs: motion verbs and mental verbs. The study seeks to reveal the connection between the physical and the psychological by identifying motion verbs and their metaphorical expressions; specifically, exploring how humans utilize physical movement as a basis for conceptualizing complex mental and intellectual activities. Finally, the research emphasizes the process of embodiment and identifies how these types of verbs relate to physical embodied concepts. The findings demonstrate that motion verbs in the Kurdish language possess a profound metaphorical dimension that, through systematic mapping, assigns meaning to the human inner world and mental processes. This confirms that human language and the human perceptual system are inextricably linked to physical and bodily experience.

***Keywords.*** Conceptual Metaphor . Conceptual Mapping . Embodied Cognition . Action Verbs . Mental Verbs . Embodiment .

# دور التجسيد المعرفي في بنية الاستعارة المفهومية في الفعل: اللغة الكوردية أنموذجاً

سيوة صدام كريم غيدان كاكئي [١] ا.م.د. آزاد أمين فرج [٢]
جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية قسم اللغة الكوردية

الملخص :

أُجريت هذه الدراسة تحت عنوان (دور الاستعارة المفاهيمية في أفعال اللغة الكردية)، وتتمثل أهدافها الرئيسية في تحليل الآليات المعرفية (الإدراكية) الكامنة وراء استخدام الأفعال في اللغة الكردية. يتناول الجزء الأول من الدراسة بدقة الإطار النظري للاستعارة المفاهيمية، باعتبارها نظرية أساسية تتحول فيها الاستعارة من مجرد أداة لغوية إلى نظام فكري وذهني. تسلط الدراسة الضوء على العلاقة بين "مجال المصدر (Source Domain) "و"مجال الهدف(Target Domain) "، وعملية "الإسقاط المفاهيمي (Conceptual Mapping) "كوسيلة لنقل المعنى من التجارب الجسدية إلى المفاهيم المجردة. إن المحور الأساسي لهذا البحث هو مفهوم "الإدراك المتجسد(Embodied Cognition) "، والذي يوضح كيف ينبثق العقل البشري وفهمه للعالم من التجارب الجسدية والحسية–الحركية. وفي هذا السياق، تركز الدراسة على نوعين رئيسيين من الأفعال: أفعال الحركة والأفعال الذهنية. يستعرض العمل محاولة الكشف عن العلاقة بين الجانب الفيزيائي والنفسي من خلال تحديد أفعال الحركة وتمظهراتها الاستعارية؛ بمعنى كيف يستخدم الإنسان الحركة الجسدية كقاعدة لتصور الأنشطة الذهنية والفكرية المعقدة. وفي الختام، تؤكد الدراسة على عملية "التجسيد" وتحدد كيفية ارتباط هذه الأفعال بالمفاهيم الجسدية الملموسة. وتُظهر النتائج أن أفعال الحركة في اللغة الكردية تحمل أبعاداً استعارية عميقة تمنح، من خلال تخطيط ممنهج، معنىً للعالم الداخلي للإنسان وعملياته الذهنية، مما يثبت أن لغة الإنسان ونظامه الإدراكي مرتبطان بشكل لا ينفصم بالتجربة الجسدية.

**الكلمات الدالة:** الاستعارة المفاهيمية , التخطيط المفاهيمي , الإدراك المجسد , أفعال الحركة , الأفعال الذهنية التجسيد

# ڕۆڵی بەرجەستەبوونی مەعریفی لە بنیاتی میتافۆری چەمکیی کرداردا:
# زمانی کوردی بە نموونە

**سیوة صدام كريم غيدان كاكي ١ ازاد امين فرج٢**

**[١]خوێندکاری ماستەر، بەشی زمانی کوردی [٢] مامۆستای یاریدەدەر دکتۆر لە بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**پوختەی توێژینەوە:**

**ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی بەرجەستەبوونی مەعریفی لە بنیاتی میتافۆری چەمکیی کرداردا: زمانی کوردی بە نموونە ) ئەنجامدراوە** و ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە شیکردنەوەی میکانیزمە درکپێکردنەکانی پشت بەکارهێنانی کردارەکان لە زمانی کوردیدا. لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا، بە وردی باس لە چوارچێوەی تیۆری میتافۆری چەمکی کراوە، وەک تیۆرییەکی بنەڕەتی کە تێیدا میتافۆر لە کەرەستەیەکی زمانەوانییەوە دەگۆڕێت بۆ سیستەمێکی هزری. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندیی نێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانج و پرۆسەی نەخشاندنی چەمکی وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی واتا لە ئەزموونە جەستەییەکانەوە بۆ چەمکە دابڕاو و ئەبستراکتەکان. تەوەرێکی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە چەمکی ناسینی بەرجەستەکراو ، کە تێیدا ڕوونکراوەتەوە چۆن ئاوەزی مرۆڤ و تێگەیشتنی بۆ جیهان لە ئەزموونی جەستەیی و هەستەجوڵەییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. لەم بوارەوە، توێژینەوەکە سەرنج دەخاتە سەر دوو جۆری سەرەکی لە کردار: کردارە بەجوڵەکان و کردارە دەروونییەکان. کارەکە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی کردارە بەجوڵەکان و دەرکەوتە میتافۆرییەکانیان، پەیوەندیی نێوان فیزیک و دەروون ئاشکرا بکات؛ بەو مانایەی کە چۆن مرۆڤ جوڵەی جەستەیی وەک بنەمایەک بۆ وێناکردنی چالاکییە دەروونی و هزرەییە ئاڵۆزەکان بەکاردەهێنێت. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە جەخت لەسەر پرۆسەی بەجەستەکردن دەکاتەوە و چۆنیەتی پەیوەندیی ئەم چەشنە کردارانە بە چەمکە بەرجەستەکراوە جەستەییەکانەوە دەستنیشان دەکات. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە کردارە جوڵەییەکان لە زمانی کوردیدا ، ڕەهەندێکی میتافۆریی قووڵیان هەیە کە لە ڕێگەی نەخشەسازییەکی سیستماتیکەوە، واتا دەبەخشنە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ و کردارە دەروونییەکانی، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە زمانی مرۆڤ و سیستەمی درککردنی ئەو، بە شێوەیەکی دانەبڕاو بە ئەزموونی جەستەییەوە بەستراوەتەوە.

## ١ پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ڕۆشنایی تیۆری میتافۆری چەمکی ، میتافۆر وەک سیستەمێکی درکپێکردنی بنەڕەتی دەخاتە ڕوو کە واقیعی مرۆڤ دادەڕێژێت نەک تەنها وەک کەرەستەیەکی ڕەوانبێژی. جەختی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە لەسەر چەمکی بەجەستەکردنە بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کە چۆن ئاوەزی مرۆڤی کورد ئەزموونە فیزیکی و کردارە بەجوڵەکان وەک سەرچاوە بەکاردێنێت بۆ تێگەیشتن لە کردارە دەروونی و ئەبستراکتەکان, ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە واتا و ژیری مرۆڤ بە شێوەیەکی دانەبڕاو ڕەگ و ڕیشەیان لە جەستە و کارلێکە فیزیکییەکانماندا هەیە.

### ١-١ ناونیشانی توێژینەوە

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (ڕۆڵی میتافۆری چەمکیی لە کردارەکانی زمانی کوردییدا)

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە فەرامۆشکردنی ڕەهەندە درکپێکردنەکانی کردارلە زمانی کوردیدا بەرجەستە دەبێت، بە تایبەت لە نەبوونی لێکۆڵینەوەی سیستماتیک لەسەر پەیوەندیی نێوان کردارە بەجوڵە و دەروونییەکان.واتە بۆشاییەکی زانستی هەست پێدەکرێت لە تێگەیشتن لەوەی چۆن کردارەبەجوڵەکان دەبنە بنەما بۆ وێناکردنی کردارە دەروونیەکان. ئەم بۆشاییە مەعریفییە بەهۆی کەمیی سەرچاوە زانستییەکان بە زمانی کوردی قووڵتر بووەتەوە.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئاوەزی مرۆڤ چۆن جوڵەی فیزیکی دەکاتە کەرەستە بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەکان؟ ئەگەر جەستەی مرۆڤ و جوڵە فیزیکییەکان نەبوونایە دەگەیشتینە ئەم واتا میتافۆڕییانە؟

**سنووری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردن دایە، بەتایبەت تیۆری میتافۆڕی چەمکیی لە کردارەکاندا، جەختی سەرەکیش لەسەر کردارە بەجوڵەکان و کردارە دەروونیەکان کراوە. توێژینەوەکە بە شێوەزاری کرمانجی خواروو داڕێژراوە، نموونەکان و دەستەواژەکان لە فەرهەنگە کوردییەکان، گۆڤارەکان، ئاخاوتنی ڕۆژانەی تاکی کورد، وەرگیراون. کە تیایاندا کردارە بە جوڵەکان وەک کەرەستەی میتافۆڕیی بەکارهێنراون.

**میتۆدی توێژینەوە:** میتۆدی وەسفی- شیکاریی لە چوارچێوەی زانستی زمانی درکپێکردندا.

**کلیلە وشەکان:** میتافۆڕی چەمکیی، نەخشاندنی چەمکیی، ناسینی بەجەستەکراو، کردارە بەجوڵەکان، کردارە دەروونییەکان، بەجەستەکردن.

**١.بەشی یەکەم:**

١.١**تیۆری میتافۆری چەمکیی:-**

تیۆری میتافۆری چەمکی (CMT) دوای کتێبەکەی جۆرج لاکۆف و مارک جۆنسن بە ناوی "ئەو میتافۆرانەی لەگەڵیان دەژین" (١٩٨٠) دەستی پێکرد. تیۆرییەکی بەهێزە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی میتافۆر لە سیستەمی چەمکیی ئاسایی ئێمەدا دەخەنەڕوو،ئەم تیۆرییە لەلایەن جۆنسن (١٩٨٧)، لاکۆف (١٩٨٧)، و لاکۆف و تێرنەر (١٩٨٩) پەرەی پێدراوە، و لەلایەن چەندین نووسەری ترەوە پەیڕەو کراوە. ئەم تیۆرییە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لەسەر بنەمای سەدەها ساڵ لە زانست و لێکۆڵینەوە دامەزراوە کە میتافۆر تەنها وەک ئامرازێکی ڕازاندنەوە لە زماندا نابینێت، بەڵکو وەک ئامرازێکی چەمکی بۆ داڕشتن، داڕشتنەوە و تەنانەت دروستکردنی واقیع دەیبینێت. فەیلەسوفە دیارەکانی ئەم مێژووە بریتین لە، فریدریش نیچە و، لەم دواییانەشدا، ماکس بلاک. لە کتێبی "ئەو میتافورانەی لەگەڵیان دەژین"دا، لەیکۆف و جۆنسن (١٩٨٠) پێشنیاریان کردووە کە میتافۆرەکان نەک تەنها لە هەندێک ژانەری دیاریکراودا کە هەوڵی دروستکردنی کاریگەرییەکی هونەری دەدەن (وەک ئەدەب) بەربڵاون، بەڵکو لە بێلایەنترین، واتە، ئەو شێوازانەی زمان کە کەمترین مەبەستیان لەپشتەوەیە، بوونیان هەیە. توێژەرانی تیۆری میتافۆری چەمکی

(CMT)، بەتایبەتی لە قۆناغە سەرەتاییەکانی کارکردن لەسەر میتافۆرە چەمکییەکاندا، میتافۆرە زمانییەکانیان لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە کۆکردۆتەوە: پەخشی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، فەرهەنگەکان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، گفتوگۆکان، کۆگای زمانیی خۆیان، و چەندانی تر. وەک (تەقینەوە لە تووڕەییدا)، (بنیادنانی تیۆرییەک)، (ئاگر لە چاوی کەسێکدا)، (پەیوەندییەکی شکستخواردوو)، (کەسایەتییەکی سارد)، (پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاو)، (هەرسکردنی بیرۆکەیەک)، (خەڵکی کۆچ دەکەن)، (سەرگەردانبوون بێ ئامانج لە ژیاندا) و بە هەزارانی تری لەم شێوەیە. زۆربەی، ئەگەر نەڵێین هەموو، "ئەم میتافۆرە زمانییانە بەشێکن لە فەرهەنگی دەروونی قسەکەری ڕەسەن. ئەمانە لە مانا بنەڕەتییەکانی وشەکانەوە وەرگیراون و ڕەنگدانەوەی ئاستێکی بەرزی فرەواتایی و ئیدیۆماتیکین لە پێکهاتەی فەرهەنگی دەروونیدا. گەورەیی ئەم حاڵەتانەی فرەواتایی و ئیدیۆماتیکی لە فەرهەنگدا وەک بەڵگەیەک بۆ بەربڵاوی میتافۆر وەرگیرا. لەسەر بنەمای ئەم نموونانە، ئەوان ئەوەیان پێشنیار کرد کە دواتر ناسرا بە (میتافۆرە چەمکییەکان". (کۆڤیجس،٢٠١٥:٢)

خەمی سەرەکیی لاکۆف و جۆنسن ئەوەیە کە بۆچی چەمکە ڕۆژانەییەکانی ئێمە بە شێوازێکی دیاریکراو داڕێژراون نەک بە شێوازێکی تر. بەتایبەتی، پەیوەندی بە میتافۆرە چەمکییەکانەوە هەیە، واتە، ئەو چەمکە باوانەی کە بە شێوەیەکی میتافۆری داڕێژراون و ڕەنگە لە دەربڕینە میتافۆرییەکاندا شێوەیەکی گشتی وەربگرن. بەڵام ئەم دەربڕینە میتافۆرییانە، کە نوێنەرایەتی ئەم چەمکە میتافۆرییە باوانە دەکەن، پێویست ناکات بە شێوەیەکی میتافۆری لێکبدرێنەوە.

لاکۆف و جۆنسن سەرنج ڕادەکێشن بۆ ئەو دید و بۆچوونە باوەی کە (مێتافۆر)ی وەک تایبەتمەندییەکی تەواو و تەنها زمانی سەیر دەکرد و بە ( بابەتێکی پەیوەست بە وشە دادەنا، نەک بیرکردنەوە یان کردار) مشتومڕەکان سەبارەت بە میتافۆر لەسەر مەودایەکی فراوانن، لە بۆچوونی ئەرەستۆوە کە پێی وابوو شارەزابوون لە میتافۆر بەهرەیەکی نایابە و فێربوون نییە، تا دەگاتە ئەوەی (شێلی) ڕایگەیاند کە دەڵێت زمان بەشێوەیەکی بنەڕەتی میتافۆرە.

بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دیدە کلاسیکییە کەموکوڕە میتافۆر وەک زمان سەیر دەکرێت لەگەڵ هەندێک بابەتی تر کە لە بیرکردنەوە و کرداردا جێگیر دەبن، یان ڕاستگۆیانەتر، زمان و سیستەمە چەمکییەکان. لاکۆف و جۆنسن تا ئەو ڕادەیە دەڕۆن کە جەخت لەوە دەکەنەوە میتافۆر وەک دەربڕینی زمانی، تەنها لەبەر ئەوە ئەگەری بوونی هەیە کە میتافۆر لە سیستەمی چەمکیی مرۆڤدا بوونی هەیە. لاکۆف بەتەواوی تیۆری کلاسیکیی میتافۆر ڕەتدەکاتەوە لە بەرژەوەندیی تیۆرییەک کە تێیدا جێگەی سەرەکیی میتافۆر هەر لە زماندا نییە، بەڵکو لەو شێوازەدایە کە ئێمە بوارێکی هزری لە ڕێگەی بوارێکی تری هزرییەوە چەمکسازی دەکەین.(جینان،٢٠١٣:٢٩٩)

لە ڕوانگەی زمانناسیی درکپێکردن میتافۆری چەمکی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: تێگەیشتن لە بوارێکی چەمکی لە ڕێگەی بوارێکی چەمکیی ترەوە.

تیۆریی میتافۆری چەمکیی، بەڵگەکانی لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی ئەو تێڕوانینە کلاسیکییە بنیات دەنێت کە پێی وایە خواستنە ئامرازێکی ڕازاندنەوەیە و بۆ زمان و بیرکردنەوە پەراوێزییە (لاوەکییە) لەبری ئەوە، میتافۆر وەک بابەتێکی سەرەکی بۆ بیرکردنەوە و بەم پێیەش بۆ زمان سەیر دەکرێت. (Jinan,2013:301)

دەرئەنجامی ئەو بانگەشەیەی کە دەڵێت ڕێکخستنی چەمکی بە ڕادەیەکی زۆر میتافۆرە، ئەوەیە کە خودی بیرکردنەوەش میتافۆرە. بە واتایەکی تر، میتافۆر تەنها پرسێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هاوتاییە 'قووڵەکانە' لەو شێوازەی کە سیستەمی چەمکیی ئێمە پێی ڕێکخراوە. بەم پێیە، چاوەڕوان دەکەین بەڵگەی میتافۆر لە سیستەمە مرۆییەکانی دیکەشدا جگە لە زمان بدۆزینەوە. لە ڕاستیدا، ئەم بۆچوونە لەو توێژینەوانەوە هاتووە کە لێکۆڵینەوەیان لە بنەمای میتافۆریی کۆمەڵێکی هەمەجۆری دیاردە و چەمکەکان کردووە، لەوانە: ڕێکخستن و پراکتیکی کۆمەڵایەتی، ئەفسانەکان، خەونەکان، ئاماژە، ڕەوشت، سیاسەت و سیاسەتی دەرەوە، ڕیکلامەکان و تیۆریی بیرکاری.

پێناسە ستانداردەکەی میتافۆری چەمکی، دەتوانرێت بە شێوەیەکی تەکنیکیتر دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیە: میتافۆری چەمکی بریتییە لە کۆمەڵێک پەیوەندی سیستماتیکی نێوان دوو بواری ئەزموون. ئەمە ئەو واتایەیە کە تێگەیشتن لە بوارێک لە ڕێگەی بوارێکی ترەوە دەگەیەنێت. زاراوەیەکی تر کە زۆرجار لە نووسینەکاندا بۆ پەیوەندی بەکاردێت (نەخشەسازی )یە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دەوترێت هەندێک توخم و پەیوەندییەکانی نێوانیان لە یەک بوارەوە، کە پێی دەوترێت بواری سەرچاوە، نەخشێنراونەتە سەر بوارەکەی تر، کە بواری ئامانج.

ڕوونتر، دەیەوێت بڵێت کە میتافۆرەکان تەنها وشەی جوان نین، بەڵکو سیستەمێکن لە مێشکماندا کە یارمەتیمان دەدەن لە تێگەیشتن لە شتێک (بواری ئامانج) بە بەکارهێنانی چەمک و ئەزموونێک کە لە شتێکی ترەوە هاتووە (بواری سەرچاوە). ئەمە واتە نەک هەر تەنها یەک شت بە شتێکی تر بچوێنرێت، بەڵکو چەندین لایەن و تایبەتمەندی لە بوارێکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ بوارێکی تر. هەر سەبارەت بەو پێناسەیەی سەرەوە، بۆ نموونە، کاتێک دەڵێین (تووڕەیی ئاگرە)، ئێمە لە تووڕەیی تێدەگەین بە بەکارهێنانی ئەو چەمکانەی کە لە ئەزموونی ئاگرەوە هاتوون (وەک گەرمی، سووتاندن، بڵێسە، توانای زیانگەیاندن). سەبارەت بە نەخشەسازی، واتە، هەندێک توخم (وەک هۆکارەکان، دەرئەنجامەکان، هەستەکان) و پەیوەندییەکانی نێوانیان نەخشێنراون (گوێزراونەتەوە) لە بواری سەرچاوەوە بۆ بواری ئامانج.

بە پێدانی ئەم نموونانە، ئەم کۆمەڵە پەیوەندییە، یان نەخشەسازییە، دەتوانرێت پێشنیار بکرێت:

- هۆکاری ئاگر ↔ هۆکاری تووڕەیی
- هەڵگیرساندنی ئاگرەکە ↔ هەڵگیرساندنی تووڕەییەکە
- ئەو شتەی لە ئاگردایە ↔ کەسە تووڕەکە
- ئاگرەکە ↔ تووڕەییەکە

- توندێتی ئاگر ↔ توندێتی تووڕەیی

بەپێی تێروانینی ئەم تیۆرە، مرۆڤ لە ڕێگەی تێگەیشتن و ئەزموونکردن لە شتێک، بەهۆی جۆر یان بابەت و شتانیکی دیکەوە لە میتافۆر دەگات، بە دەربڕینێکی تر، جەوهەری میتافۆر چەشنێکە لە تێگەیشتنی مرۆڤ بەرامبەر بە بابەتێک، بەهۆی پەسنکردن و بەرجەستەکردنی شتەکانی دیکەوە، لەم ڕوانگەیەوە میتافۆر کار لەسەر دوو بوار دەکات، کە ئەوانیش (بواری سەرچاوە) و (بواری مەبەست). بە شێوەیەک وادەردەکەوێت کاری نەخشەی میتافۆرەکان لە بواری سەرچاوەوە بەرەو بواری مەبەست دەڕۆن، وادەکات بەهۆی بواری سەرچاوەوە تێگەیشتن لە پانتایی و ڕووبەری ئەزموونی مرۆڤ زۆر ئاسان بێت، بواری مەبەستیش دەبێتە ئەو چەمکەی، کە قسەکەر هەوڵی شیکارکردنی دەدات.(ئەحمەد،محەمەد کەریم،٢٠٢٢:٤٢)

بواری سەرچاوە ⟵ بواری ئامانج

هێڵکاری ژمارە (١)

هێڵکاری نێوان بواری سەرچاوە و بواری مەبەست

**٢،١.بوارەکانی سەرچاوە و ئامانج:**

لە تیۆریی میتافۆری چەمکیدا، میتافۆر تەنها ئامرازێکی ئەدەبی یان جوانکاریی زمان نییە، بەڵکو ئامرازێکی بنەڕەتیی بیرکردنەوەیە. پرۆسەی میتافۆر لەسەر بنەمای گواستنەوەی زانیاری و پێکهاتە لە نێوان دوو بواردا دروست دەبێت :**بواری سەرچاوە** و **بواری ئامانج** .تێگەیشتن لە سروشتی (بواری سەرچاوە) کلیلی تێگەیشتنە لەوەی کە مرۆڤ چۆن بیر لە چەمکە ئاڵۆزەکان دەکاتەوە. بواری سەرچاوە بریتییە لەو بوارە درکپێکردنەی کە ئێمە زانیاری، وێنە، و پەیوەندییەکانی لێوە وەردەگرین بۆ ئەوەی لە بوارێکی تر (کە بواری ئامانجە) تێبگەین. بە واتایەکی تر، بواری سەرچاوە ئەو بوارەیە کە ئێمە لە ڕێگەیەوە سەیری چەمکە ئاڵۆزەکان دەکەین و بوونێکی فیزیکییان هەیە(ڕێناس خالس،سیروان جەبار،٢٠٢٣:٤٩٤). بواری ئامانج (Target Domain)لە میتافۆری چەمکییدا ئاماژەیە بۆ ئەو چەمکە سەرەکی و مانادارە دەکات کە هەوڵ دەدەین لێی تێبگەین یان ڕوونی بکەینەوە. ئەم چەمکە زۆرجار ئەبستراکتە، واتە بوونی فیزیکی نییە(لاکۆف و جۆنسۆن،١٩٨٠:٥٩)، وەک: خۆشەویستی، کات، ژیان، یان بیرۆکەکان. هەروەها، دەکرێت ئاڵۆز بێت و پێکهاتەیەکی ڕوونی نەبێت لە مێشکماندا، بۆیە تێگەیشتن لێی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ قورسە.

بۆ ئەوەی مێشکمان بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکە ئەبستراکت و ئاڵۆزانەدا بکات، پەنا دەباتە بەر چەمکێکی دیکە کە ڕوونتر و بەرجەستەترە، کە پێی دەوترێت( بواری سەرچاوە) .(SourceDomain) (ڕێناس خالس، سیروان جەبار،٢٠٢٣:٤٩٤)، بواری ئامانج وەک ئەو بوارەیە کە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە. بۆ نموونە، کاتێک دەڵێین (ژیان گەشتێکە)، (ژیان) بواری ئامانجە؛ چونکە چەمکێکی گشتی و ئاڵۆزە و دەمانەوێت واتا و پێکهاتەیەکی بۆ بدۆزینەوە . لە بەرامبەردا، (گەشت) بواری سەرچاوەیە کە وەک

چوارچێوەیەک بەکاردێت بۆ تێگەیشتن لە ژیان. بە گشتی، بواری ئامانج وەک (بابەتی سەرەکی) یان (مەبەستی شیکردنەوەکە)مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کە لە ڕێگەی گواستنەوەی تایبەتمەندییەکان و پەیوەندییەکانی بواری سەرچاوەوە واتا و پێکهاتەی بۆ دابین دەکرێت.

چونکە مێشکی مرۆڤ باشتر مامەڵە لەگەڵ شتە بەرجەستە و ناسراوەکاندا دەکات. بۆ ئەوەی بتوانین بیر لە چەمکە ئەبستراکتەکان بکەینەوە، باسیان بکەین، یان تێیان بگەین، مێشکمان وەک خۆی ناتوانێت دەستبەجێ لێیان تێبگات . بۆیە پێویستە نەخشەیەکی) بۆ بکێشین لەسەر بوارێکی دیکە کە مێشکمان پێی ئاشنایە. ئەو بوارەی کە نەخشەکەی لەسەر دەکێشین بواری سەرچاوەیە . بۆ نموونە:

مشتومڕ جەنگە.

کاتێک دەڵێین (مشتومڕجەنگە )، ئێمە چەمکی جەنگ (وەکوو ڕووداوێکی فیزیکی کە تێیدا دوو لایەن شەڕ دەکەن و دەیانەوێت یەکتری ببەنەوە) بەکاردەهێنین بۆ تێگەیشتن لە قسەکردن وەکوو گفتوگۆیەک کە تێیدا دوو کەس هەوڵ دەدەن قسەی یەکتری ببڕنەوە یان بیرۆکەکانی یەکتری ڕەت بکەنەوە.

لێرە چەمکی (مشتومڕ)بواری ئامانجە، کە چەمکێکی ئەبستراکتە و دەمانەوێت لێی تێبگەین.

چەمکی (جەنگ) بواری سەرچاوەیە، واتاکەیەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە.

**سۆز**

بواری (سۆز) نموونەیەکی باڵای بواری ئامانجە. چەمکە سۆزدارییەکانی وەک تووڕەیی، ترس، خۆشەویستی، بەختەوەری، خەم، شەرم، شانازی و هی تر، بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی میتافۆرە چەمکییەکانەوە واتایان لێکدەدرێتەوە. بوارە سەرچاوەکانی چەمکەکانی سۆز، بە شێوەیەکی زۆر هێزەکان لەخۆدەگرن. بەم شێوەیە:

زۆر کاری تێکرا .

خەریک بوو لە خۆشیدا ئەفڕی.

جڵەوی توڕەییەکەی پێ نەکرا .

**٢.٣.نەخشە چەمکییەکان :**

ئەو چەمکانەی کە ئاراستەی بیرکردنەوەمان دەکەن تەنها بابەتی هزری و عەقڵی نین. بەڵکو بەڕێوەبەری کارکردنی ڕۆژانەمانن، تا دەگاتە وردترین وردەکارییە ئاساییەکان. چەمکەکانمان پێکهاتە بۆ ئەوە دادەڕێژن

كە درکی پێ دەکەین، چۆن لە جیهاندا دەجووڵێینەوە، و چۆن پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی تر دەبەستین. کەواتە سیستەمی چەمکیمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە پێناسەکردنی واقیعە ڕۆژانەییەکانمان. ئەگەر ئێمە ڕاست بین لەو پێشنیارەی کە سیستەمی چەمکیمان تا ڕادەیەکی زۆر میتافۆرییە، ئەوا شێوازی بیرکردنەوەمان، ئەوەی ئەزموونی دەکەین، و ئەوەی هەموو ڕۆژێک ئەنجامی دەدەین تا ڕادەیەکی زۆر میتافۆرییە.
**نەخشاندن،** بریتییە لە هاوبەستەیی و پەیوەندی، نەک بوونی لێکچوون لە نێوان لایەنەکانی دوو مەوداکەدا لەسەر ئاستی چەمکی یان هزری. نەخشاندن پەیوەستە بە کەلتوور، مەعریفە، زمان، ئەزموون و چالاکیی جەستەییمانەوە. بەپێی( ژانگ و گاو،٩٨:٢٠٠٩)، مێتافۆر بریتییە لە تەواوی نەخشاندن لە مەودای چەمکیدا . لە سیمانتیکی درکپێکردندا، باوەڕ وایە کە وشەکان و ماناکان لە مێشکی مرۆڤدا وەک بەشێوەیەکی فەرهەنگی ڕیزنەکراون، بەڵکو وەک تۆڕێکی ئاڵۆز بەیەکەوە بەستراونەتەوە (وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکە). بەو واتایەی هەر شتێک بەندە بەو پەیوەندییەی کە بە شتەکانی ترەوە هەیەتی .
واتە نەخشەی چەمک بریتییە لە نواندنی ئەو پێکهاتە مەعریفییەی لە مێشکدایە.

لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، کاردانەوەیەک دژی دیدگای پێکهاتەییەکان بۆ زمان دروست بوو، کە زمان وەک سیستەمێک لە پەیوەندیی نێوان وشەکان دەبینێت، بەبێ هیچ ئاماژەیەک بۆ زمان وەک دیاردەیەکی ئاوەزیی و دەروونی، و بەبێ هیچ ئاماژەیەک بۆ پێکهاتەی چەمکی و بیرکردنەوە بە گشتی. واتای وشەکان وەک قەوارەی دەروونی لە مێشکی خەڵکدا سەیر دەکرێن، نەک وەک پەیوەندیی نێوان وشەکان .( پێکهاتەیەکان، ڕێبازێکی کۆنی زمانناسییە کە تەنها سەیری پەیوەندی وشەکان دەکات بێ گوێدانە لایەنی ئاوەزیی و دەروونی). (لاکۆف و جۆنسن ١٩٨٠) جەختیان لەوە کردۆتەوە کە هەم میتافۆر و هەم میتۆنیم لەسەر بنەمای نەخشەسازییە چەمکییەکان دامەزراون. هەندێک لە زمانناسانی درکپێکردن ، وەک (کۆڤیکسیس و ڕادێن،٤٥: ١٩٩٨)، خۆیان بەدوور گرتووە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی (نەخشەسازی) بۆ وەسفکردنی میتۆنیم . تێگەیشتن لە هۆکارەکەشی قورس نییە: لەکاتێکدا لە میتافۆردا بواری سەرچاوە بەکاردێت بۆ لێکدانەوەی بواری ئامانج، لە میتۆنیمدا سەرچاوەکە تەنها ڕێگە خۆش دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە. لە زۆرترین دۆخدا، میتۆنیم دەتوانێت دیدگایەکی چەمکیی درککردن لەسەر ئامانجەکە دابین بکات. ..لە نێوان توخمەکانی مەودای سەرچاوە و مەودای ئامانجدا. هەروەها، ئەرکی سەرەکیی نەخشاندنیش بریتییە لە ڕوونکردنەوە لە نێوان ئامانج و مەودای چەمکیدا. ( 2020:937,Lia,Eva, Desy)

### ٢.٤. ناسینی بەجەستەکراو:

لە زانستی زمانی درکپێکردن، زاراوەی(بەجەستەکراو Embodied) تەنها ئاماژە نییە بۆ بەکارهێنانی ئەندامەکانی جەستە لە قسەکردندا، بەڵکو ئاماژەیە بۆ دۆخێکی بوونگەراییی واتا و ڕێزمان. کاتێک دەڵێین پێکهاتەیەکی ڕێزمانی (بەجەستەکراوە)، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو پێکهاتەیە لە بنەڕەتدا لە سیستەمە هەستە-جووڵەییەکانی مێشکەوە سەرچاوەی گرتووە و نوێنەرایەتیی ئەزموونێکی فیزیکی دەکات کە دواتر بەشێوەیەکی سیمبوڵی لە زماندا جێگیر بووە. بە بڕوای (لەیکۆف و جۆنسن، ١٩٩٩)، ئاوەزو زمانی مرۆڤ

(بەجەستەکراون)بەو مانایەی کە خودی ئەو میکانیزمە دەمارییانەی بەرپرسن لە جووڵەی جەستە و هەستکردن، هەمان ئەو میکانیزمانەن کە بۆ دروستکردنی چەمکە ڕێزمانییەکان بەکاردێن.

بەجەستەکردن ئەو تیۆرەیە کە جەخت لە ڕۆڵی ئەزموونی جەستە وەک سەرچاوە بۆ توانا درکپێکراوەکان دەکاتەوە وهەریەک لە زانایانی بواری زمانەوانی درکپێکردن و زانستی دەمار و کاریان لەسەری کردووە(شاهۆ ساڵح، ٢٠٢٣:٤١). بەجەستەکردن لە زانستی زمانی درکپێکردندا، بریتییە لەو دیدگایەی کە دەڵێت بیرکردنەوە و زمانی مرۆڤ شتێکی دابڕاو نین لە جەستە، بەڵکو ڕاستەوخۆ لە ئەزموونە فیزیکی و هەستییەکانی وەک بینین، جووڵە و بەرکەوتن سەرچاوە دەگرن. بەپێی ئەم چەمکە، مێشک وەک ئامێرێکی سەربەخۆ کار ناکات، بەڵکو سروشتی جەستەمان (وەک هەبوونی دوو چاو لە پێشەوە، یان وەستان لەسەر دوو پێ) شێوازی تێگەیشتنمان بۆ جیهان دیاری دەکات. بۆ نموونە، ئێمە لە چەمکە دژوارەکانی وەک(کات) یان (هەستەکان) تێناگەین مەگەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەزموونە جەستەییەکانەوە نەبێت، وەک کاتێک دەڵێین (دڵم *شکا*) یان (بیرۆکەکەم وەرگرت)، کە ئەمانە هەموویان ئەزموونی جەستەیین و گوازراونەتەوە بۆ ناو زمان بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەیانەوە لە شتە مەعنەوییەکان تێبگەین(ئیڤانس،٢٠٠٩:٩). بەجەستەکردن، بریتییە لەو تیۆرییە یان ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت، ئاوەز و بیرکردنەوەی مرۆڤ دابڕاو نین لە جەستەی مرۆڤ، بەڵکو شێوازی بیرکردنەوەمان ڕاستەوخۆ بەندە بە شێوازی جەستەمان و چۆنیەتی مامەڵەکردنی جەستەمان لەگەڵ جیهاندا.

کەواتە، واتا شتێکی دابڕاونییە کە لە ئەزموونە جەستەییەکان، بەڵکو واتا بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بەستراوەتەوە بە ئەزموونە فیزیاییەکانەوە (ئەندەرسۆن٧٩: ٢٠٠٣؛ بێرگن،٧٩: ٢٠١٢). توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە بەشە جووڵەییەکانی مێشک چالاک دەبن، و ئەزموونە فیزیاییەکان دروست دەکەنەوە کاتێک ئێمە دەیانخوێنینەوە، دەیانبینین، یان دەیانبیستین (بێرگن، ٢٠١٢). لە دەرەنجامدا، جەستەی فیزیایی ڕۆڵێکی هۆکاریی گرنگ، یان ڕۆڵێکی پێکهێنەری فیزیایی دەگێڕێت لە پرۆسەی درپێکردندا.

**بەشی دووهەم:**

**٢. کردارە بەجوڵەکان و دەرکەوتنە میتافۆریکییەکانیان و بەجەستەکردنیان :**

لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، پێناسەی کرداری بە جوڵە، بەو شێوەیە، لێرەدا باس لەوە ناکرێت کە ئایا کردارەکە ڕابردوو یان ڕانەبردووە ، بەڵکو باس لەوە دەکرێت کە مێشکی مرۆڤ چۆن وێنەی ئەم کردارە دەکێشێت و چۆن هەستی پێ دەکات.ئەم کردارانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە تێگەیشتن لەوەی کە چۆن زمان چەمکسازیی (وێناکردنی) ئێمە بۆ جیهان دادەڕێژێت، ئەویش لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر جوڵە، داینامیکی هێز.لە زمانەوانیی درکپێکردندا بە تایبەت لای زانایان وەک تالمی و لانگاکەر، کرداری بە جوڵە وەک (زنجیرەیەک لە گواستنەوەی وزە) وێنا دەکرێت. واتە مێشکی مرۆڤ ئەم کردارانە بەو جۆرە لێکدەداتەوە یان دەیناسێتەوە کە وزەیەک لە سەرچاوەیەکەوە کە بکەرە، دەردەچێت و دەگوازرێتەوە بۆ ئامانجێک یان بەرکارێک(تالمی،٢٠٠٠:٢٥) . بۆ نموونە

کاوە تۆپەکەی هەڵدا .

لێرەدا ئاوەز وێنەی وزەیەک دەکێشێت کە لە جەستەی کاوەوە دەچێت بۆ تۆپەکە و دەیجوڵێنێت، ئەم هێزە کرۆکی کرداری بە جوڵەیە .

کەواتە، کرداری بەجوڵە، وێنا کردنی ڕووداوێکە لە ئاوەزدا کە وزەی تێدا بەکاردێت.

بەرەو دوا مەنزڵ بەڕێکەوت. (ڕێناس خالس نادر، ٢٠٢٣:٤٨٩)

ئەگەر لەم دەربڕینە وردبینەوە ئەوا

بواری سەرچاوە بریتییە لە گەشتکردنی کە کردارێکی فیزیکییە، بەڵام بواری ئامانج بریتییە لە مردن. کرداری (بەڕێکەوتن) لە زمانی کوردییدا لە بنەڕەتدا پەسنی جوڵەی فیزیکی دەکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. بەڵام لەڕستەی (بەرەو دوا مەنزڵ بەڕێکەوت)، ئاوەز ئەم جوڵە فیزیکییە وەک کەرەستەیەک بەکاردێنێت بۆ تێگەیشتن لە چەمکێکی ئەبستراکتی وەک (مردن) یان (کۆتایی ژیان). ئەم ڕستەیە لەسەر یەکێک لە باوترین میتافۆرە چەمکییەکان دامەزراوە کە تێیدا (ژیان) وەک (ڕێگە یان گەشت) وێنا دەکرێت، لەم ڕستەیە ئاوەز جوڵەی (بەرەو پێشەوە) بەکاردێنێت، جوڵە بەرەو پێش = کات : "لە نەخشەی ژێریی مرۆڤدا، داهاتوو و کات هەمیشە وەک جوڵەیەک بەرەو پێشەوە وێنا دەکرێن"(ئۆکێف،نادێل،١٩٧٨:٤). کرداری بەڕێکەوت ئاماژەیە بۆ جوڵەیەکی بێگەڕانەوە. مێشک جوڵەی فیزیکی بەکاردێنێت تا نیشانی بدات کە مردن پرۆسەیەکی دینامیکییە (کۆچکردنە) نەک تەنها وەستانێک. ئاوەز چۆن ئەم جوڵە فیزیکییە دەکاتە کەرەستە؟ مرۆڤ لە ئەزموونی ڕۆژانەیدا دەزانێت کاتێک بەڕێدەکەوێت، شوێنێکی جێهێشتووە و بەرەو شوێنێکی تر دەڕوات. مێشک ئەم ئەزموونی گۆڕینی شوێنە دەگوازێتەوە بۆ ئەزموونی گۆڕینی بارودۆخی بوون. نەخشەسازییەکەی بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| بواری ئامانج | بواری سەرچاوە |
| مردن: جێهێشتنی جیهانی ماددی | بەڕێکەوتن: هەنگاونانی یەکەم لە گەشتێکدا |
| بەرەو: گەیشتن بە کۆتایی تەمەن | بەرەو: ئاراستەی دیاریکراوی جوڵە |
| گۆڕ: شوێنی کۆتایی دوای ژیان | مەنزڵ: شوێنی حەوانەوە دوای گەشت |

کرداری بەڕێکەوتن لەم ڕستەیەدا، نموونەی ئەوەیە کە چۆن مێشک جوڵەی ئاراستەدار لە بۆشاییدا بەکاردێنێت بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە بوونگەراییەکان، مێشک مردن وەک وەستان وێنا ناکات، بەڵکو وەک بەردەوامیی جوڵە لە ڕێگەی ئەم کردارەوە نەخشەی بۆ دەکێشێت.

جەرگت نەسووتێت. (ساڵح، دەروون عەبدولڕەحمان،٢٠٢٢:٧٠) ئەم دەربڕینە میتافۆرە یەکێکە لە میتافۆرە قوڵ و باوەکان لە زمانی کوردییدا، سووتان ئەزموونێکی فیزیکیی و بەرجەستەیە ، بواری سەرچاوەیە.

هەروەها خەم و پەژارەی قوڵ، بەتایبەت خەمی لەدەستدانی ئازیزان هەستێکی دەروونی و ئەبستراکتە، کە بواری ئامانجە. کە دەوترێت دەبڕاوێکی میتافۆڕییە واتا

واتایەکی ڕاستەقینەی نییە. جەرگی مرۆڤ وەکو ئەندامێکی فیزیکیی گڕ ناگرێت و ناسووتێت بەڵکو ئێمە ئازاری دەروونیمان بە ئازاری سووتان وێناکردووە. لە ئاوەزی مرۆڤ ئەم گواستنەوەیە ڕوودەدات، کە

کە جەرگ، لە کلتوری کوردییدا ئاماژەیە بۆ ئازیزترین کەس یان زۆربەی کات منداڵ، لێرەدا جەنگ وەک ئەندامێکی گرنگی جەستە دەبێتە نوێنەری ژیان و خۆشەویستی. هەروەها ئازاری سووتان یەکێکە لە بەهێزترین ئازارە فیزیکییەکان، لێرەدا ئەم ئازارە بەکاردێت بۆ نیشاندانی قورسی ئەو خەمەی کە مرۆڤەکە دایدەگرێت . واتە کاتێک دەوترێت (جەرگت نەسووتێت) مەبەست ئەوەیە خەمی گەورە و لەدەستدانی ئازیزان نەبینیت. لە ڕستەی (کچەکە دەستی سووتا). سووتان لێرە بە واتای ڕاستەقینە بەکارهاتووە.

کرداری (سووتان) یەکێکە لە کاریگەرترین ئەو کردارانەی بۆ وەسفکردنی ئازاری قووڵی دەروونی بەکاردێت. لە ڕستەی (جەرگت نەسووتێت)دا، ئاوەز ئەزموونی فیزیکی (سووتان) دەگوازێتەوە بۆ بواری خەم و پەژارە. لە کلتووری کوردییدا جەرگ وەک هێمایەک بۆ منداڵ یان خۆشەویستترین کەس بەکاردێت، بۆیە سووتانی جەرگ واتە لە دەستدانی ئەو کەسە. "ئاوەز بۆ تێگەیشتن لە ڕستەیە، نەخشەیەکی فیزیکی بەکاردێنێت لە تێیدا : کاتێک شتێک دەسووتێت ناگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی و دەبێتە خۆڵەمێش، ئاوەز ئەم بەگەڕانەوەییە بەکاردێنێت بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ئازاری لەدەستدانی منداڵ، چەند سەختە. ئاوەز چۆن ئەم جوڵە فیزییکیە دەکاتە کەرەستە بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەکان"(لاکۆف و جۆنسۆن،١٩٩٩:٤٦)،

سووتان بەرزترین ئاستی ئازاری جەستەییە. ئاوەز ئەم کردارە وەک کەرەستە بەکاردێنێت تا بە بەرامبەرەکەی بڵێت: ئەو خەمەی هەیەتی ، هێندەی سووتانی ڕاستەقینە بەئازارە.

سووتانەکە لێرەدا دەرەکی نییە، بەڵکو لە ناوەوەیە (جەرگ). مێشک جوڵەی ئاگر لە ناوەوەی جەستەدا وێنا دەکات تا نیشانی بدات کە ئەم ئازارە شاراوەیە و کەسی تر هەستی پێ ناکات، تەنها خاوەنەکەی نەبێت. کرداری (گرتن) لە ڕستەی (مێشکی نەیگرت)، ئەزموونی فیزیکی جەستەی مرۆڤ لە ڕێگەی دەستەوە فێری گرتنی تەنە فیزیکییەکان دەبێت (وەک گرتنی سێوێک یان تۆپێک). ئەگەر دەستمان شتەکە نەگرێت، لێمان ون دەبێت.

بەرجەستەبوون، " ئەگەر مرۆڤ خاوەنی دەستو توانای گرتن نەبوایە، نەدەگەیشتە ئەم واتا میتافۆڕییە. " (لاکۆف و جۆنسۆن،١٩٨٠:٢٠)لێرەدا مێشک وەک دەست و بیرۆکەکە وەک تەنێکی فیزیکی وێنا کراوە. ڕستەی (زوو هەنگاو مەنێ بۆ ئەنجامەکان)، ئەزموونی فیزیکی بنەڕەتیترین جوڵەی جەستە ڕۆیشتن و هەنگاونانە بەرەو ئامانجێکی فیزیکی. ئێمە دەزانین کە بۆ گەیشتن بە شوێنێک دەبێت زنجیرەیەک هەنگاو ببڕین.

بەرجەستەبوون ئەگەر مرۆڤ قاچی نەبوایە و هەنگاوی فیزیکی نەنایە، هەرگیز نەدەگەیشتە ئەو واتا میتافۆڕییەی کە بیرکردنەوە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاوە. لێرەدا مێشک گەیشتن بە ئەنجام وەک کۆتا خاڵی ڕێگایەک دەبینێت. لە بڕیاردان لێرەدا چوێنراوە بە هەنگاوی خێرا و نادروست کە دەبێتە هۆی کەوتنی جەستە. واتا لێرەدا لە جوڵەی قاچەکانەوە بۆ ناو پرۆسەی بیرکردنەوە گواستراوەتەوە.

### ١،٢. کرداره دەروونییەکان و دەرکەوتنە میتافۆڕیکییەکانیان و بەجەستەکردنیان:

لە ڕابردوودا لە ناو توێژینەوەکاندا سەرنجێکی زۆر کەم بە خوێندنی چەمکەکانی سۆز (هەست) دەدرا. بە گوێرەی (ئۆتلی و جێنسن ١٩٩٦، ١٢٢) بە شێوەیەکی باو هەستەکان وەک شتی زیادە لە دەروونناسیدا سەیر دەکران، واتە گرنگیەکی ئەوتۆی پێ نەدەدرا. نەک وەک کارکردە هزرییەکان وەک هەستپێکردن، زمان، بیرکردنەوە و فێربوون. لە سیمانتیکدا ، چەمکەکانی سۆز وا دادەنران کە تەنها لە هەستکردن پێکدێن وبێ ئەوەی ناوەڕۆکێکی چەمکییان هەبێت (لاکۆف، ١٩٨٧). بەڵام توێژینەوە نوێیەکانی زانستی مەعریفی بایەخێکی تایبەتیان بە خوێندنی چەمکەکانی سۆز داوە، بەتایبەتی زمانی چەمکەکانی سۆز (کۆڤێچسێس، ١٩٩٠، ٢٠٠٠، ٢٠٠٥).

توێژەرانی ئێستا دان بەو بەشدارییە گرنگەدا دەنێن کە دۆزینەوەکانی بواری چەمکەکانی سۆز دەتوانن لە توێژینەوەکانی مەعریفەدا هەیانبێت. (ئۆتلی و جێنسن ١٩٩٦،١٢٢) پشتگیری ئەم دیدگایە دەکەن کاتێک دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە هەست و سۆزەکان پاشکۆ نین، بەڵکو ناوەندی ژیانی مرۆڤن. بە هەمان شێوە، (لاکۆف ١٩٨٧،٣٨٠) ئاماژە بەوە دەکات کە هەست و سۆزەکان خاوەنی پێکهاتەیەکی ئێجگار ئاڵۆزن، کە دەبنە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێکی زۆر لە بۆچوونە گرنگەکان. توێژینەوەی زمانەوانیی درکپێکردن لەسەر چەمکەکانی سۆز، بەتایبەتی لە چوارچێوەی تیۆریی میتافۆری چەمکییدا ، تا ڕادەیەکی زۆر جەختی کردووەتەوە سەر پێکهاتەی ئەم چەمکانە لە ناوخۆ و لە نێوان کولتوورەکاندا. ئەمەش زۆرجار لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئەو میتافۆرانەوە دەکرێت کە پێکهاتەی ئەو چەمکانە دادەڕێژن.

دونیا لەبەرچاوم ڕەش بووە. بە یەکێک دەوترێت کە خەمێکی قووڵی هەبێت و نائومێد بێت لە ژیان، بواری سەرچاوە بریتییە لە ڕەشبوونی شتێک ، بواری ئامانجیش بریتییە لە بێئومێدی و دڵتەنگی. کرداری (ڕەش بووە)، لە ڕستەی ( دونیا لەبەرچاوم ڕەش بووە). لێرە بە واتا فیزیکییەکەی کردارەکە بەواتای گۆڕانی ڕەنگ هاتووە. بەڵام بە واتا میتافۆڕییەکەی واتە گۆڕانی باری دەروونی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، ڕوونتر لە حاڵەتی ئاساییەوە بۆ حاڵەتی خەمۆکی و بێ ئومێدی. واتە کرداری (ڕەش بوون) بەتەنها پەسنی ڕەنگ ناکات بەڵکو گواستنەوەی سیفەتێکی فیزیکییە. لێرە بینین وەک تێگەیشتن یان ئومێد تێدەگەین، هەروەها ڕەنگی ڕەش وەک خەم و بێ ئومێدی، دەنیا وەک مەیدانی بینین.
کرداری (ڕەش بوون) لەم نموونەیەدا تەنها گۆڕانێکی فیزیکی نییە، بەڵکو گوزارشتە لە میتافۆڕی چەمکیی وەک (لاکۆف و جۆنسن ١٩٨٠، ١٤-٢١) ئاماژەی پێ دەدەن، مرۆڤ چەمکە نەرێنییەکان دەبەستێتەوە بە تاریکی و ڕەنگی ڕەشەوە. هەروەها، بەکارهێنانی دەربڕینی (لەبەرچاوم) پشت دەبەستێت بەو نەخشەسازییەی کە( کۆڤێچس ٢٠١٠، ٢٤) باسی دەکات، کە تێیدا (بینین) هاوتایە بۆ (تێگەیشتن و ئومێد)، وەک دەزانرێت کاتێک دونیا ڕەش دەبێت، پرۆسەی بینین/ئومێد ڕادەوەستێت.

پشتی لێکردم. بە کەسێک ئەوترێت کە وازی لەکەسێکی تر هێنابێت وپشتگوێی خستبێت، بواری سەرچاوە بریتییە لە پشت لێکردنی فیزیکی، بواری ئامانجیش بریتییە لە وازهێنان. کرداری (پشت تێکردن) لە زمانی کوردیدا، نموونەیەکی ڕوونی میتافۆڕی ئاڕاستەییە . بەپێی (لاکۆف و جۆنسن ١٩٨٠، ل ٤١)، مرۆڤ

ئاراستەی (پێشەوە) بۆ کارلێک و ئاراستەی (پشتەوە) بۆ نەمانی کارلێک بەکاردێنێت. لە ڕستەی (پشتی لێکردم)دا، بواری سەرچاوە کە (ئاراستەی فیزیکی جەستە)یە، نەخشەسازی بۆ کراوە بۆ بواری ئامانج کە (وازهێنان لە هاوکاری و پشتگیری)یە. لێرەدا (پشت) تەنها ئەندامێکی جەستە نییە، بەڵکو هێمایە بۆ پچڕانی پەیوەندیی، چونکە لە فیزیکدا پشت تێکردن واتە نەمانی بینین و ئامادەیی، کە ئەمەش لە ئاستی واتاییدا دەبێتە نەمانی هاوکاری.

"مێشک بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکە ئاڵۆز و واتاییەکان (وەک کات، ژیان و هەستەکان)، سوود لە ئەزموونی فیزیکی و جوڵەی جەستە لەناو بۆشاییدا وەردەگرێت"(لاکۆف و جۆنسۆن،١٩٩٩:٢٠)، کە ئەمە پێی دەوترێت بەجەستەکردن. بەو پێیەی مرۆڤ لە منداڵییەوە یەکەمجار لە ڕێگەی جوڵەوە لە دەوروبەرەکەی تێدەگات، مێشک ئەم لۆژیکی جوڵەیە بەکاردێنێتەوە بۆ وێناکردنی بیرۆکەکان؛ بۆ نموونە، مێشک چەمکی پێشکەوتن وەک ڕۆیشتن بەرەو پێش و کێشەکان وەک بەربەستی فیزیکی دەبینێت، چونکە تێگەیشتن لە شتی بەرجەستە بۆ مێشک ئاسانترە لە شتی نادیار. لە ڕستەی (بەرد لەجێی خۆی سەنگینە)(بەکر هەمزەیی،٢٠١٥:٦٠)، ئەم ڕستەیە لە ئاستی ڕووکەش باس لە بەردێک دەکات کە لە شوێنی خۆیەتی و جێگیرە و قورسایی خۆی هەیە، بەڵام لە ئاستی میتافۆڕیدا مەبەست لە مرۆڤە، واتە مەبەستی سەنگینی و قورسایی فیزیکی نییە، بەڵکو ڕێز و شکۆو قورسی کەسەکەیە. لێرەدا بەرد وەک مرۆڤ بەخشەسازی بۆ دەکرێت، قورسایی و سەنگینی وەک ڕێز و شکۆ، جێگەی خۆی وەک پێگەی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەت. لێرەدا کردارەکە (سەنگین بوون/مانەوە لە جێگەی خۆی) ئاماژەیە بۆ پاراستن. مێشک وا وێنای دەکات کە هەر جوڵەیەکی نائاسایی (کرداری هەڵە یان سووکایەتی) دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ ئەو قورساییە (ڕێزە) لەدەست بدات. لە ئەزموونی فیزیکیماندا، ئەو شتانەی قورسن، بە زەحمەت دەجوڵێنرێن و بایەخیان زۆرترە. مێشک ئەم ئەزموونە دەگوازێتەوە بۆ بواری مەعنەوی؛ بۆیە کەسێکی سەنگین لای ئێمە کەسێکە کە خاوەن بڕیارە و بە ئاسانی بە با دەست کەوتوو نییە. مێشک وا تێدەگات کە هەر تەنێک لە گەردووندا شوێنێکی گونجاوی هەیە. کاتێک بەردەکە لە جێی خۆی دەجوڵێنرێت، سووک دەبێت (چونکە وەک بەردێکی بێ کەڵک دەردەکەوێت کە فڕێ دراوە). مێشک ئەم جوڵە فیزیکییە بەکاردێنێت بۆ وێناکردنی ئەوەی کە ئەگەر مرۆڤ سنووری خۆی ببەزێنێت، بێ بەها دەبێت. لە ڕستەی (نازانیت چییە تا نەیچێژیت)، ئەم دەربڕینە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە یەکێک لە پێنج هەستە سەرەکییەکەی مرۆڤەوە (چێژتن/ تامکردن)هەیە. لەم ڕستەیە مرۆڤ مێشک چەمکێکی ئەبستراکت وەک (تێگەیشتن یان زانین) دەبەستێتەوە بە کرداری (چێژتن). لێرە نەخشەی (زمان= مێشک) هەروەک "چۆن زمان ئامرازی ناسینەوەی تامکردنی خۆراکە، مێشکیش یان ناوەوەی مرۆڤ وەک ئەوە وایە کە تامی ڕووداوەکان دەکات".(کۆڤیچس،٢٠١٠:٢٠٩) نەخشەی (چێژتن= ئەزموونکردن) کرداری چێژتن لێرەدا هاوتایە لەگەڵ ژیان ، هەروەها ناتوانیت بڵێیت من لە خەم تێدەگەم تاکو نەتچێژتبێت واتە وەکو خواردنێکی تاڵ تامت نەکردبێت. هەروەها مرۆڤ پێش ئەوەی فێری دەستەواژەی تێگەیشتن بێت فێری تامکردن بووە، ئاوەز ئەزموونی چێژتن وەک زانیارییەک وەردەگرێت. کاتێک شتێک تامدەکەیت بێ گومان دەبیت لەوەی کە شیرینە یان تاڵە. "ئاوەز بۆ تێگەیشتن لە چەمکە ئاڵۆزەکان پێویستی بە چەمکێکی سادە هەیە"(گرادی،١٩٩٧:٢٨٢) وەک جوڵەی خواردنی شتێک و ناسینەوەی تامی خواردنەکە، چەمکێکی گونجاوە بۆ وەرگرتنی بیرۆکە و تێگەیشتن لێی. ئاوەز پێی وایە ئەو شتەی بە جەستە ئەزموونی دەکەین، ڕاستەقینەتر لەوەی تەنها بە خەیاڵ ببینین، بۆیە جوڵەی فیزیکی چێژتن یان تامکردن بەکاردێنێت تاکو بڵێت زانینی ڕاستەقینە تەنها لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە دەبێت. لەڕستەی (دڵ تێکهەڵاتنە

لەگەڵ ئەم خەڵکە)، دل تێکچوون، کاردانەوەیەکی فیزیکی جەستەیە بەرامبەر بە خواردنێکی خراپ و ناخۆش. مەبەست لە هەڵاتنیش جوڵەی فیزیکییە بۆ دورکەوتنەوە لە مەترسی. لەم ڕستەدا، (خەڵک) وەک ماددەیەکی ژەهراوی یان ناخۆش وێناکراوە کە دەبێتە هۆی تێکچوونی باری ناوەکی مرۆڤ. لە نەخشاندنیش زانیارییەکان لە بواری سەرچاوە کە بوارێکی بەرجەستەیە بۆ بواری ئامانج کە بوارێکی ئەبستراکتە دەگوازرێتەوە. بەم شێوەیە: کۆمەڵگای بێزارکەر بەرامبەر بە خواردنێکی خراپ و ژەهراوی، هەستی بێزاری بەرامبەر بە دڵتێکچوون و هێڵنجدان، جێهێشتنی پەیوەندییەکان بەرامبەر بە هەڵاتنی فیزیکی. لە ئەزموونی سەرەتایی مرۆڤ لەمنداڵییەوە فێری ئەوە دەبێت کە کاتێک شتێکی خراپ دەبینێت یان دەخوات، جەستە کاردانەوەی (دڵتێکچوون)ی دەبێت بۆ پاراستنی خۆی، ئەمە ئەزموونێکی فیزیکی ڕاستەوخۆیە. چەمکە دەروونییەکان وەک بێزاری لە خەڵک شتێکی بەرجەستە نین و ناتوانرێت دەستیان لێ بدرێت. بۆیە مێشک پەنا دەباتە بەر ئەمە سیستەمە دەمارەیەی کە بەرپرسە لە جوڵە و هەستە فیزیکییەکان بۆ ئەوەی وەسفی باری دەروونی پێ بکات. کاتێک دەڵێین (هەڵاتن)، ئاوەز وێنەی جوڵەی قاچ و دوورکەوتنەوە بەکاردێنێت بۆ وێناکردنی بڕیاری دابڕان لە خەڵک. واتە ئاوەز دابڕانی کۆمەڵایەتی کە بابەتێکی کە بابەتێکی فیکرییە وەک دوورکردنەوەی فیزیکی دەبینێت.

لەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت کە ئاوەزی مرۆڤی کورد بەبێ هۆ پەنا بۆ کردارە بەجوڵەکان نابات، بەڵکو ئەم کردارانە وەک کەرەستەی تێگەیشتن بەکاردێنێت، چونکە مێشک توانای تێگەیشتنی ڕاستەوخۆی بۆ چەمکە ئەبستراکتەکانی وەک بیرکردنەوە ومردن نییە، بۆیە ناچارە وەک جوڵە و بەڕێکەوتن وێنایان بکات. هەروەها دەکرێت بڵێین جەستە تەنها ئامرازی گواستنەوە نییە، بەڵکو سەرچاوەی واتا خۆیەتی، بەبێ ئەزموونی فیزیکیی سووتان، گرتن و ڕێکردن، مرۆڤی کورد نەدەگەیشتە ئەو واتا قووڵانەی کە لە دەربڕینی جەرگ سووتان یان مێشک گرتن دا هەن. لێرەوە دەردەکەوێت کە زانستی زمانی درکپێکردن جەستە دەکاتە بنەمای ژیری و بیرکردنەوە.

**ئەنجام:**

١-پراکتیزەکردنی تیۆری میتافۆری چەمکی، لەسەر زمانی کوردی و سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە میتافۆر لەم زمانەدا تەنها کەرەستەیەکی ڕەوانبێژی نییە، بەڵکو سیستەمێکی هزریی بنەڕەتییە کە واقیع و تێگەیشتنی تاکی کورد بۆ جیهان دادەڕێژێت.

٢-دەستنیشانکردنی سنووری نێوان بواری سەرچاوە و بواری ئامانج لە مێشکی مرۆڤی کورددا، بۆ دەرخستنی چۆنیەتی گواستنەوەی سیستماتیکی واتا لە دیاردە فیزیکییە بەرجەستەکانەوە بۆ چەمکە دەروونییە ئەبستراکتەکان.

٣-خستنەڕووی میکانیزمی نەخشەسازیی چەمکی و پیشاندانی ئەوەی کە چۆن مێشکی تاکی کورد توخمە فیزیکییەکانی وەک (جوڵە، ئاراستە، و هێز) بەکاردەهێنێت بۆ وێناکردن و ئاسانکردنی تێگەیشتن لە کردارە دەروونی و عەقڵییە ئاڵۆزەکان.

٤-چەسپاندنی چەمکی بەجەستەکردن لە کردارەکاندا و سەلماندنی ئەوەی کە واتا لە زمانی کوردیدا دابڕاو نییە لە جەستە، بەڵکو کردارە دەروونییەکانی وەک (تێگەیشتن، خەم، و نائومێدی) ڕەگ و ڕیشەیان لە ئەزموونە جەستەییەکان و سیستەمی هەستە-جوڵەیی مێشکدایە.

٥- شیکردنەوەی پرۆسەی گۆڕانی کردارە فیزیکییەکان (وەک سووتان، بەڕێکەوتن، و گرتن) بۆ کەرەستەی درکپێکردن، کە وەک ڕێگەیەک بۆ تێگەیشتن لە چەمکە بوونگەراییی و دەروونییە قووڵەکانی وەک (مردن، ئازار، و ناسین) بەکاردێن.

٦-گەیشتن بە مۆدێلێکی شیکاریی زانستی کە ڕوونی دەکاتەوە چۆن تاکی کورد سوود لە ئەزموونی جەستەیی و جوڵە لە بۆشاییدا وەردەگرێت بۆ دروستکردنی واتا لە چالاکییە دەروونییەکاندا، بە جۆرێک کە پەیوەندیی نێوان زمان و ئاوەز و جەستە لە زمانی کوردیدا دەردەخات.

**لیستی سەرچاوە:**

**کتێب:**


١-بەکر کانی هەمزەیی(٢٠١٥)لێکدانەوەی هەزار پەندی کوردی، چاپی یەکەم، هەڵەبجە.


**نامەی ئەکادیمی :**


١-محەمەد کەریم ئەحمەد(٢٠٢٢)درکپێکردنی وێنەی میتافۆریی لە کۆدی شیعرییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی هەڵەبجە.

٢- شاهۆ ساڵح قادر(٢٠٢٣)درکپێکردنی وێنای وێنەیی وشەی لێکدراو لە ڕێزمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.


**گۆڤارەکان:**


١-سیروان جەبار، ڕێناس خاڵس(٢٠٢٣)میتافۆڕی چەمکیی عەشق وەک گەشت و ڕێگا لە شیعرەکانی(سافی)دا، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٦، ژمارە ١.


## Referens

**Books:**


1-Bergen, B.K. (2012) Louder Than Words: The New Science of How the Mind Makes Meaning. New York.

2-Evans, V. (2009) How Words Mean: Lexical Concepts, Cognitive Models, and Meaning Construction. Oxford, Oxford University Press.

3- Evans, V. (2009) How Words Mean: Lexical Concepts, Cognitive Models, and Meaning Construction. Oxford, Oxford University Press.

4- Gibbs, R.W. (2005) Embodiment and Cognitive Science. Cambridge,Cambridge University Press.

5- Kövecses, Z. (2015) Where Metaphors Come From, Reconsidering Context in Metaphor. Oxford: Oxford University Press.

6- Kövecses, Z. (2010) Metaphor: A Practical Introduction. 2nd edn. Oxford: Oxford University Press.

7- Lakoff, G. and Johnson, M. (1980) Metaphors We Live By. Chicago,University of Chicago Press.

8- Lakoff, G. and Johnson, M. (1999) Philosophy in the Flesh The Embodied Mind and its Challenge to Western Thought, New York.

9- Oatley, K. and Jenkins, J.M. (1996) Understanding Emotions. Oxford,UK.

**Journals**:

10- O'Keefe, J. and Nadel,L.(1978) The Hippocampus as a Cognitive Map. Oxford, Clarendon Press.

11- Al-Hajaj, J.F.B. (2013) Conceptual/Cognitive Metaphor Theory,Some Insights into Metaphorical Conceptual Mappings in Poetry, Journal of Basra Researches for Human Sciences.

12- Anderson, M.L. (2003) Embodied Cognition: A field guide, Artificial Intelligence,Amsterdam.

13- Kövecses, Z. and Radden, G. (1998) Metonymy: Its Cognitive Structure, Cognitive Linguistics,berlin.

14- Li, W., Eva, N. and Desy, M.R. (2020) Conceptual Metaphor in the Selected Poetry of Robert Frost, Linguistic, English Education and Art (LEEA) Journal,Indonesia.

15- Wilson, M. (2002) Six views of embodied cognition, Psychonomic Bulletin & Review, United States.

16-Zhang, X. and Gao, X. (2009) An Analysis of Conceptual Metaphor in Western Commercial, Advertisements', Asian Social Science.